وەزیری دەرەوەی نەمسا ئەمڕۆ چوارشەممە سەردانی قەڵای هەولێری کرد

وەزیری دەرەوەی نەمسا، ئەلێکساندەر شولنبەرگ ئەمڕۆژی چوارشەممە گەشبینیی خۆی دەربڕی سەبارەت بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی.

لە لێدوانێکیدا بۆ پەیامنێران لە پەراوێزی سەردانەکەی بۆ قەڵای هەولێر لەگەڵ پارێزگار ئۆمید خۆشناو، وەزیری دەرەوەی نەمسا ڕایگەیاند، کە سەردانەکەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە و نەمسا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی هەولێر و بەغدا، وتیشی: "کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بنیاتنەر بوون و سەرەڕای سەختی بارودۆخەکە، چاوەڕوانی چارەسەرێک هەیە و هەولێر و بەغدا دەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، هەروەها لە ئێستادا کۆمپانیای نەمسی لە هەولێر و بەغدا هەیە، کە نیشانەی متمانەیە لە نێوانماندا.